

# ماڵی خەندە پەناگەیەک بۆ بزەی منداڵانی بێ سەرپەرشت

**هیچ پێوانەیەک بۆ ئازاری دەروونی منداڵانی بێتاوان و پەپوولە باڵسووتاوەکانی دەستی قەدەر دانانرێ، ئەو قەدەرەی کە زۆر منداڵی بەسەرپەرشت کردووە. ماڵی خەندە بۆ چاودێری کچان لە هەولێر، شوێنێکە بۆ لەخۆگرتنی ئەو مناڵانەو لەئێستادا ٣٠ منداڵی بێ سەرپەرشتی لەخۆگرتووە. ژیانی هەر یەک لەو کچانە چیرۆکێکی تاڵی تەواو نەبووە، کە تەژییە لەبێبەش بوون و حەسرەت و جودایی لەپەروەردەی باوەشی گەرمی خێزان. گەرچی کارمەندانی ئەو ماڵە وەک خۆیان باسیدەکەن لە هیچ سۆزبەخشینێک بە منداڵە بێ سەرپەرشتەکان درێغی ناکەن، بەڵام ناتوانن بۆشاییی رۆحی و دەروونییان بە تەواوی پڕبکەنەوە. ئەوەش وا دەخوازێ حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار پلانی تۆکمەتری پەروەردەییان بۆ دابڕێژێ، بۆ ئەوەی ئەوانیش بە هیوای گەشەوە لە ئاسۆی داهاتوویان بڕوانن.**

بەڕێوەبەری ماڵی خەندە (کەژاڵ عەبدولجەبار)، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان هێما بۆ ئەوە دەکات کە بەپێی یاسا کچان تاوەکو تەمەنی ١٨ ساڵی بۆیان هەیە لە ماڵی خەندە بمێننەوە، بەڵام ئەوانەی بێ جێگەن دەیانهێڵنەوە. ئەوەشی خستەڕوو کە تائێستا ٧ لەو کچانەی ماڵی خەندە هاوسەرگیریان کردووەو لە ژیانی خۆیان ڕازین.

کەژاڵ عەبدولجەبار باسی ئەوەشی کرد کە هەندێك لە کچەکان لە ڕێگەی دادگاوە دەنێردرێنە ماڵی خەندە، هەندێکیان فڕێدراون، بەشێکیشیان کەسوکارەکانیان دەیانهێنن، یاخود کەسانی خێرخواز لە بوونی منداڵی بێ سەرپەرشت ئاگاداریان دەکەنەوە.

**منداڵانی بێ سەرپەرشت چیرۆکی جیاوازیان هەیە**

بەڕێوەبەری ماڵی خەندە بە هۆی کار و ئەرکی پێسپێردراوی، چیرۆکی زۆر خەمباری لەلایە، ئەو چیرۆکانەی کە منداڵانی چاوگەشی بێ خێزان و ئاوارە کردووە، ئەو بە پێویستی دەزانێت بە هەموو شێوەیەك هاوکاری منداڵانی بێ سەرپەرشت بکرێ، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگە دانەبڕێن. یەکێك لەو چیرۆکە ملۆدرام و دڵتەزێنانەش بەمجۆرە دەخاتەڕوو:

«دووساڵ پێش ئێستا لە ڕێگەی کەسێکەوە ئاگادارکراینەوە کە خێزانێك هەیە، پێکهاتوون لە باوکێك و چوار کوڕ و کچێك، دایکەکەیان خۆی سووتاندووەو مردووە، ئەوان لەگەڵ باوکیان دەژین، کوڕە گەورەکەی تەمەنی ٨ ساڵە و کچەکەشی تەمەنی ٧ ساڵە، کوڕە بچووکەکە جومجمەی سەری بچووکە و پزیشکەکان دەڵێن ببێتە شەش ساڵ تووشی فێ دەبێت، هیچ لە منداڵەکان رەگەزنامەی باری شارستانییان نەبوو، بۆیە نەخرابوونە بەر خوێندن، ئەوان لە ماڵێکی تاریك و تەنگدا دەژیان، کە رووبەری خانووەکە ٥٠ مەتر دووجا نەدەبوو، پەردەی ئاودەستەکەی لەسێ جۆر قوماش و گونیە پێکهاتبوو، تەنافێك لەحەوشە بوو، ماکسیە سووتاوەکەی دایکیانی هەر پێوە بەهەڵواسراوی مابوو، ئەو منداڵانە هێندە پیس و چڵکن بوون ئەسپێ لە قژە ئاڵۆزکاوەکانیانی دابوو. باوکەکە پیاوێکی ئیهمال و بێکاربوو، لەئاست بەرپرسیارێتی منداڵەکاندا نەبوو، بە چەند رۆژ رۆیشتووە و منداڵەکانی بەجێهێشتووە، دراوسێکان چێشتیان بۆ ئەو منداڵانە بردووە، ئەو رۆژەی لەناوچەکەیان پرسە هەبووایە، ئەو منداڵانە تێر نانیان دەخوارد، ئەو باوکە بۆ جاری دووەم ژن دێنێتەوەو ئێستا ژنەکەی دووگیانە و ئەویش لێی جیابۆتەوە، لەئێستادا ئەو باوکە خۆی ون کردووە و جێگەی نیشتەجێبوونی نادیارە و هەرگیز لەمنداڵەکانی ناپرسێت و سەردانیان ناکات، ئێستا کچەکە چۆتە بەرخوێندن هێندە کز و مەلوولە تەنانەت لەکاتی یاریکردنیشدا لەناخیەوە ئاهێکی قووڵ هەڵدەکێشێت».

کەژاڵ عەبدولجەبار چەند چیرۆکی دی دەخاتەڕوو کە هەموویان تەژین لە ئازاری دەروونی منداڵانی بێتاوان و پەپوولە باڵسووتاوەکانی دەستی قەدەر، ئەو منداڵانەی بە هۆی پەروەردەی ناتەندروست یاری بە هەست و دەروونیان کراوە و بەردەوام پێگەی رۆحیان شکێندراوە، ئەوەتا دەڵێت «١٠ رۆژ پێش ئێستا باوك و باپیرەیەك هاتن دوو کچیان هێنا تەمەنیان ٥ ساڵ و ٦ ساڵ بوون، دایکیان تەڵاق دراوە، پێشتر داپیرەی بەخێوی کردوون و ماوەی سێ مانگە داپیرەکەشیان مردووە، وەك باسیان کرد کەس نەبووە ئەو دوو کچە بەخێو بکات، باوکی کچەکان بە عەرەبانە پاقلاوە دەفرۆشێت، هەمیشە داپیرە و باپیرەیان بەو دوو کچەیان گوتووە: دایکتان دزی لەباوکتان کردووە، بۆیە تەڵاق دراوە، ئەو قسەیەش کاریگەری زۆری لەسەر کچەکان دروستکردووە».

**باری دەرونی منداڵانی بێ سەرپەرشت بەردەوام لە مەترسیدایە**

بێگومان منداڵێك کە بەردەوام سووکایەتی بە ئازیزترین کەسی و عەتف و سۆزی بکرێ، هەرگیز باری دەروونی جێگیر نابێت، بەڕێوەبەری ماڵی خەندە نموونەی زۆری لەو منداڵانە هەبووە و هێما بۆ ئەوە دەکات کە لەساڵی ١٩٩٨ سێ برا و خوشکێك هاتن بۆ ماڵی خەندە، ئەوان «دایکیان بەتۆمەتی ناپاکی هاوسەری لەلایەن برای خۆیەوە کوژرابوو، باوکیان ژنی هێناوەتەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەهیچ شێوەیەك لەو منداڵانەی نەپرسیوەتەوە و سەردانیان ناکات، بەبیانووی ئەوەی کە ئەو منداڵانە لەو نین، کوڕە گەورەکە دوای ئەوەی بوو بە ١٨ ساڵ، لێرە رۆیشت، لە فڕنییەك کاری دەکرد و شەوانەش لەناو فڕنییەکە دەنووست، دواتر ژنی هێنا و ئێستا ئەو کوڕە دوو منداڵی هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی و دەستکورتیەوە کێشە و گرفتی زۆری هەیە، دوو براکەی تر لەخانەی نەوجەوانانی کوڕانن و خوشکەکەشیان ئێستاش لەماڵی خەندەیە».

کەژاڵ عەبدولجەبار لە کۆتایی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان، جەختی لەوە کردەوە کە کارمەندانی مالچی خەندە لە هیچ سۆزبەخشینێك بە منداڵە بێ سەرپەرشتەکان درێغی ناکەن، بەڵام ناتوانن بۆشاییی رۆحی و دەروونییان بە تەواوی پڕبکەنەوە. بە پێویستیشی زانی «حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار پلانی تۆکمەتری پەروەردەییان بۆ دابڕێژێ، بۆ ئەوەی ئەوانیش بە هیوای گەشەوە لە ئاسۆی داهاتوویان بڕوانن و لە کۆمەڵگە دانەبڕێن».

**تائێستا ٧ لەو کچانەی ماڵی خەندە هاوسەرگیریان کردووەو لە ژیانی خۆیان ڕازین**

**پێویستە بە هەموو شێوەیەک هاوکاری منداڵانی بێ سەرپەرشت بکرێ، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگە دانەبڕێن**

**منداڵێک کە بەردەوام سووکایەتی بە ئازیزترین کەسی و عەتف و سۆزی بکرێ، هەرگیز باری دەروونی جێگیر نابێت**

**ماکسیە سووتاوەکەی دایکی ٥منداڵ بە تەنافێکەوە لەحەوشەی ماڵەکەیاندا بەهەڵواسراوی مابوو**

# [illegible] سەرکردە تا چەند کاریان بۆ چەسپاندنی مافەکانی ئافرەت کردووە؟



**ئافرەتانی کورد لە رابردوودا خاوەنی پێگەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بگرە سیاسیش بوون، بەڵام لەگەڵ گۆڕانکاری بەردەوام و جیاجیای کۆمەڵگەی کوردی و بەهۆی چەندین کۆسپەوە ئەو پێگەیە بەردەوام لە لاوازبووندا بووەو دواتر دوای رزگاریی هەرێمی کوردستان و دامەزرانی حکومەتی خۆماڵی و هاتنەکایەی رێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومی ئافرەتان لە کایەکانی ژیانی ئابووری و سیاسی زیاتر دەرکەوتن. تەنانەت لە ئاستی حزب و حکومەتیشدا خانمانی بەرپرسیاریەتی جۆراوجۆریان وەرگرتووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە تا چەند کاریان بۆ چەسپاندنی مافەکانی ئافرەت کردووەو چ بەربەست و رێگرییەکیان هەبووە؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

**کورد ئافرەتی کارامەی کەم نەبووە**

لە مێژووی کۆنی کوردانەوە تا هەنووکە ئافرەتان شانبەشانی پیاو رۆڵی سەرەکییان لە گشت کایەکانی ژیاندا بینیوە، بەڵام لە قۆناغی تەشەنەکردنی نەریت و رێگرییە ئایینییەکان رۆڵیان کاڵتر بووەتەوە، لە ئێستاشدا ژمارەی ئەو خانمانەی کە کاری جدی بۆ نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی دەکەن، ژمارەیەکی بەرچاو نییە. گەر تەنیا نموونەیەك لە ئافرەتی کورد لە سەدەی رابردوو وەر بگرین، دەبینین کەسایەتییەکی وەك حەپسەخانی نەقیب(١٨٩١ – ١٩٥٣) یەکەم کەس بووە کە قوتابخانەی بۆ کچان کردۆتەوە، ماڵەکەی خۆیشی بۆ تەرخان کردووە، یەکەم رێکخراوی ژنانیشی لەباشووری کوردستان دامەزراندووە. ئەو خانمە لە بواری نەتەوەییش کاری بەرچاوی کردووەو لەوانە پشتگیری هەمەجۆری کۆماری کوردستان و شۆرشی شێخ مەحموودی حەفید و تەنانەت لە ساڵی ١٩٣٠نامەیەکی سیاسی مێژوویی بۆ رێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە

یەكگرتووەكان لە جنێف نووسـیوەو بەڕاشكاوی داوای مافی چارەنووسـی كوردی كردووە، بەڵام بۆچی ئافرەتانی كورد لە ئێسـتادا كە بواری زۆرتریان بۆ ڕەخسـاوە، پێداگری لە سەر بەهێزكردنی پێگەی خانمان ناكەن؟

### زۆرترین ڕێژەی دەنگەكانی ئافرەتان بۆ پیاوان دەچێت

ئارام وەلی مامۆستای ئابووری لە زانكۆی سلێمانی، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەكات كە گەورەترین قەیرانی ئافرەتی كورد «گرفتی ئابووری»یەو دەڵێت «تا ئێستا داهات لە ژێر كۆنترۆڵی پیاواندایەو ئافرەتانی كورد وەك پێویست نەبوونەتە خاوەن ئابوورییەكی سەربەخۆ، حكومەتی هەرێمیش نەیتوانیوە لەڕووی ئابوورییەوە ئافرەتان لە پاشكۆبوونی باوك و برا و مێرد رزگار بكات، ئەمەش وادەكات، ئافرەتی كورد هەمیشە و لەگشت بوارەكاندا نەتوانێت هەنگاوی عەمەلی بنێت، كە لە قۆناغی ژیانی ئەمڕۆدا مرۆڤ زۆر پێویستی بەلایەنی ماددی هەیە».

ئەو ئابووریناسە جەخت لەوە دەكاتەوە كە «ئەو ئافرەتانەی كە گەیشتوونەتە پۆست و پلەی باڵا هیچیان بۆ هاوڕەگەزی خۆیان نەكردووە»، گوتیشی «لە هەرێمی كوردستان بە بەراورد بە وڵاتانی دیكەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشداری ئافرەتان لە پۆستی باڵادا زۆرترین ڕێژەی هەبووە، كابینەی حكومەتمان هەبووە چوار وەزیری ئافرەت بووە، كەچی هیچیشیان بۆ ئافرەتان نەكرد، هەر ئەمەش وادەكات زۆربەی ئافرەتان متمانەیان بە هاوڕەگەزی خۆیان نەبێت، بۆیە زۆرترین ڕێژەی دەنگەكانی ئافرەتان بۆ پیاوان دەچێت».

### ئافرەتی سەركردە كەمتر كاری بۆ چەسپاندنی مافەكانی ئافرەت كردووە

ئەنوەر سەلیم توێژەری كۆمەڵایەتی لە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی، ڕایوایە كێشەی سەرەكیی نەبوون، یان كەمبوونی متمانە بە ئافرەتان بۆ چەند شتێك دەگەڕێتەوەو سەرەكیترینیان لەوەدایە كە لە زۆربەی كۆمەڵگەكانی ڕۆژهەڵاتی ئافرەتان زیاتر متمانە بەپیاوان دەكەن، ئەمە بێجگە لەوەی كە ئەو ئافرەتانەی پۆستە باڵاكان وەردەگرن، وەكو پێویست بەكاری خۆیان هەڵنەستاون». گوتیشی «بەڵگە زۆرە كە بەشێكی زۆر لەو ئافرەتانەی پۆستی باڵایان لە حزب و حكومەت هەیە، زۆرتر خزمەتیان بە پیاوان كردووە، تەنانەت سكرتێر و كەسە نزیكەكانیان پیاو بوون، ئەمەش وایكردووە كە كەمترین ڕێژەی ئافرەتان سوود لەو ئافرەتانە وەربگرن كە توانای كاركردنیان هەیە».

### یەكەمجارە ئافرەتانی كورد بەدەنگی خۆیان دەچنە پەرلەمان

ئەنوەر سەلیم ئەوە ڕەتدەكاتەوە كە كورد ئافرەتی بەتوانای نەبێت، ئەوەشی بە «بۆچوونێكی هەڵە» ناوبرد، كە دەگوترێ: ئافرەتان بەهیچ شێوەیەك متمانەیان بە كاندیدەكانی ئافرەت نییە، بۆ سەلماندنی قسەكەشی گوتی «ئەگەر ئافرەتێك كەسێكی شیاوی بەتوانا بێت و خزمەتی ئافرەت و كۆمەڵگەی بكات، ئەوكات لەلایەن كۆمەڵگەوە پشتگیری لێدەكرێت، بەڵگەشم ئەوەیە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا هەندێ ئافرەت بەدەنگی خۆیان دەچنە پەرلەمان و پێویستیان بەكۆتا نییە، ئەمەش جێگەی دڵخۆشییە كە یەكەمجارە ئافرەتانی كورد بەدەنگی خۆیان دەچنە پەرلەمان».



ئەو توێژەرە كۆمەڵایەتییە بە پێویستی دەزانێ «تاكی كۆمەڵگە وا ڕابهێنرێت كە تەنیا بیر لە چەمكی ئافرەتبوون، یان پیاوبوون نەكەنەوە، بەڵكو زیاتر بایەخ بە چەمكی مرۆڤبوون بدەن، چونكە ئەمڕۆ لە سیستەمی نوێی جیهان چەمكی مافی مرۆڤ بەرگری لە هەمووان دەكات، مافەكانی ئافرەت و منداڵ و پیاو و گشت توێژی كۆمەڵ دەگرێتەوە».

### كاری بەرچاو بۆ پێگەیاندنی ئافرەت نەكراوە

سۆزان عارف سەرۆكی ڕێكخراوی تواناسازی ئافرەتان، ڕایوایە ئەو ئافرەتانەی كە خۆیان بۆ پۆستە باڵاكان كاندید دەكەن، وەك پێویست ئەزموونی كاركردنیان نییە و نەیانتوانیوە خۆیان لە ئافرەتان نزیك بكەنەوە، بۆ ئەوەی متمانە و دەنگیان بەدەست بێنن، گوتیشی «بەشێكی زۆر لەو ئافرەتانەی كە خۆیان بۆ پۆستەكان دەپاڵێون لەناو كۆمەڵگەدا كەسانی ناسراو نین، نەبوونی ئەزموونی كاركردنیش گەورەترین گرفتە كە ڕووبەڕووی بەشێكی زۆر لەو ئافرەتانە دەبێتەوە كە خۆیان بۆ پۆستەكان پاڵاوتووە، بەپشتگیری حزبەكانیان سەردەكەون، نەك بە توانا و كارامەیی خۆیان».

بە بڕوای سۆزان عارف بابەتی ماددیش كاریگەرییەكی زۆری لەسەر ئافرەتان هەیە، بەوەی كە بەشێكی زۆر لەكاندیدە ئافرەتەكان ئەو ئیمكانیەتە ماددییەیان نییە كە كاندیدی پیاو هەیەتی و بۆ جێگیركردنی متمانەی خەڵك بەكاری دەهێنێ».

سۆزان جەخت لەوە دەكاتەوە «بەشێك لەو ئافرەتانەی كە لەناو پۆستە باڵاكاندا كاریان كردووە، هەوڵی زۆریان داوە، خزمەت بەئافرەتان بكەن، بەڵام كارەكانیان زیاتر دەستنیشانكراو بووە».


ئەوەشی دووپات كردەوە كە هەمیشە گلەیی لەو ئافرەتانە دەكرێت كە لە پۆستە باڵاكاندان، بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەیان دەسەڵاتێكی ئەوتۆیان پێ نەدراوە تا وەكو بتوانن كاری جددی بكەن، ئەگەر كەسێكیش نەتوانێت لەپۆستەكەیدا خزمەت بە خەڵك بكات، ڕووبەڕووی ڕەخنەی كۆمەڵگە دەبێتەوە. گوتیشی «زۆربەی ئەو دەزگایانەی كە تایبەتن بەپرسی ئافرەتان كارێكی بەرچاویان بۆ پێگەیاندنی ئافرەت نەكردووە، بۆیە نەیانتوانیوە متمانەی ئافرەتانیش بە خۆیان مسۆگەر بكەن».

**كابینەی حكومەت بووە چوار وەزیری ئافرەتی هەبووە، هیچیشان بۆ ئافرەت نەكردووە**

**حكومەت نەیتوانیوە لەڕووی ئابوورییەوە ئافرەتان لە پاشكۆبوونی باوك و برا و مێرد رزگار بكات**

**بەشێكی زۆر لەو ئافرەتانەی كە خۆیان بۆ پۆستەكان پاڵاوتووە، بەپشتگیری حزبەكانیان سەردەكەون، نەك بە توانا و كارامەیی خۆیان**

**پێویستە تاكی كۆمەڵگە وا ڕابهێنرێت كە زیاتر لە چەمكی ڕەگەزی بایەخ بە چەمكی مرۆڤبوون بدات**



# بۆچی ئافرەتانی چاکسازی لە لێبوردنی گشتی بێبەش دەکرێن؟

**لە ناو چاکسازیی ئافرەتاندا جۆری تاوانەکان و تەمەنی گیراوانیش جیاوازە، زۆربەی گیراوەکانی ناو گرتووخانەکان و ناوەندەکانی چاکسازی دوای ئەنجامدانی تاوانێک پەشیمان دەبنەوە، بەڵام زۆر جار ئەو پەشیمانییە فریایان ناکەوێت و دەکەونە کونجی زیندانەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بەر هیچ لێبووردنێکی تایبەت و گشتنی ناکەون.**

ئافرەتێکی تەمەن ٤٢ ساڵ و نەخوێندەوارە. وەك خۆی باسی دەکا دایکی دوو کچە ماوەی حەفت ساڵە زیندانیکراوەو سزای هەتاهەتایی بۆدەرچووە.

مونیرە یەکێکە لەو کەسانەی کە یاسا زیندانی هەتاهەتایی بۆ بڕیوەتەوە. لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی . مونیرە ئافرەتێکی تەمەن ٤٢ ساڵ و نەخوێندەوارە. وەك خۆی باسی دەکا دایکی دوو کچە ماوەی حەفت ساڵە زیندانیکراوەو سزای هەتاهەتایی بۆدەرچووە.

مونیرە لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ گوڵان خوازیارە کە بەهۆی سوڵح نەکردنەوە لەیاسای لێبووردن گشتی بێبەش نەبێت، گوتیشی »داواکارم هەرهیچ نەبێت حوکمەکەم لە ڕێگەی لێبوردنە گشتییەکانەوە کەم بکرێتەوە، چونکە ژیان لێرەدا زۆر زەحمەتە و من لەدوو زینداندا دەژیم، زیندانێکی ئێرەیەو زیندانێکیش کە لێوانلێوە لەدووری و دابڕان لەدوو کچەکەم».

ژینۆ ئازاد بەرپرسی چاودێریی ئافرەتان لەچاکسازی ئافرەتان و منداڵان سەبارەت بە ئەو ئافرەتانەی کە لەچاکسازیدا بە کەیسی جیا جیا حوکم دراون، بە گوڵانی ڕاگەیاند، کەوا زۆر کەم ئافرەتانی ئەو چاکسازییە بەر لێبووردنی گشتی دەکەون، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە زۆربەی کەیسەکان کەیسی تایبەت بەکێشەی کۆمەڵایەتین و لەدەرەوەی دادگا سوڵح نەکراوە، هەر کەیسێکیش سوڵحی تێدا نەکرابێت، بەپێی یاسا ناتوانین ئازادی بکەین و ترسی ئەوە هەیە دوای ئازادکردنی ئەو ئافرەتە لەلایەن کەسوکاریەوە ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە.

شوان سابیر گەردی مافناس و چالاکی مەدەنی لەگەڵ بیرۆکەی لێبوردنی گشتی و لێبوردنی تایبەت نییە، ئەوە بەجۆرێك لە «دەستێوەردان لەکاروباری یاسایی و دادگە» هەژمار دەکات، گوتیشی» یاسای لێبووردنی گشتی هەرێمی کوردستان کە بە یاسای ژمارەی (٢) ی ساڵی ٢٠١٢ ناسراوە، لەکۆرمەڵێك بڕگە و مادده پێکهاتووە، ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەهەرێمی کوردستاندا دەژین، هەروەها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتییان ئەنجامدابێت واتا لەگەڵ تاوانلێکراوەکە سوڵحیان کردبێت، یاساکە باس لەو کەسانە دەکات کە لەدادگاکانی کوردستان سزادراون، ئێمە وەکو کۆمەڵگەی مەدەنی و وەکو یاساناسێك لەگەڵ بیرۆکەی لێبووردنی گشتی و لێبووردنی تایبەت نین، چونکە ئەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان دەستێوەردانە لەکاروباری قەزایی هەتا ئەگەر ئەو مەسەلەیە بە یاساش ڕێکخرابێت، چونکە پڕۆسەکە بەگشتی بەمجۆرە یەکلایی دەکرێتەوە و کاتێك تاوانێك ئەنجام دەدرێت، دادگایی تێدا ئەنجامدەدرێت، لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت، دادگا بەپێی ئەو یاسایەی کە بۆی داندراوە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو کەسە لەبەرئەوەی فڵانە تاوانی ئەنجامداوە بەپێی ئەو ئەجندانەی کە لەبەردەستە دەبێت سزابدرێت، دوای ڕۆیشتنی ئەو پڕۆسەیە بەو هەموو فلتەرە ناکرێ بەیاسایەکی گشتی عەفو بکرێت، بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو کارەدانین، چونکە ئەوە ئەوکارە بە دەستوەردان لەکاروباری قەزا و عەدالەت دەزانین، هەتا ئەگەر هەشبێت بۆ کۆمەڵێ ئیعتیباراتی مرۆیی و ماوە دەدات ئەو کەسەی کە تاوانی کردووە جارێکی تر بێتەوە ناو کۆمەڵگە، پێویستە زەوابتی خۆی هەبێت، لەکاتێکدا ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی مەحکومە بە کۆمەڵێك خاڵ لەوانە کەسێکی دەوڵەمەند یان خاوەن نفوزی کۆمەڵایەتی بێت یان لەحزب و لەدەوڵەت دەسەڵاتێکی هەبێت سوڵح و ئاشتەوایی بۆ ئەو زۆر ئاسانە بەپێچەوانەوە کەسێکی هەژار کە تاوانی لەگەڵ ئەو کەسە بەرامبەریشە، بەڵام هەرگیز ناتوانێ سوڵح بکات، بەداخەوە یەکێك لەموبەریراتەکان ئەوەیە نەوەك ئەو کەسە عەفوکراوە بڕواتە دەرەوە و لەتۆڵەی تاوانەکەی بیکوژنەوە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ئیعتیرافێکە کە دەسەڵاتی پەیوەندیدار کە بەرپرسیارە لەپاراستنی سەروماڵی خەڵکی بەپێی یاسا ئیعتیراف دەکات کە ناتوانێ لەدەرەوە ئەو کەسە بپارێزێت بۆیە داوای لێدەکات لەڕێگەی سولحی کۆمەڵایەتی و عورف و عاداتەوە خۆت بپارێزە، ئەوەش بەلای ئێمەوە ئیعتیرافێکی زۆر مەترسیدارە».

ئامینە زکری ئەندام پەرلەمانی خولی ڕابردوو و دەرچوو بۆ خولی داهاتوو، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «ئەو گرفتە بۆ کەمتەرخەمی یان نەبوونی یاسا ناگەڕێنمەوە، چونکە سوڵح کردن پەیوەستە بە عورفی کۆمەڵایەتی و لەدەرەوەی دادگاکان ئەنجامدەدرێت، لەبەرئەوە کێشەکە لەیاسادا نییە، کێشەکە لەو کەسانەدایە کە خۆیان لەو گرفتانە بە خاوەن ناکەن، لەسەرووی هەموویانەوە ڕێکخراوەکانی ژنان، پێویستە ئەو ڕێکخراوانە بەو ئەرکە هەڵبستن، وەك چۆن سوڵح لەکێشەی پیاوەکان دەکرێت، پێموا نییە ئەوە پەیوەندی بە یاسای توندوتیژی و لیژنەی ئاشتەوایی گرێدراو بەیاساوە هەبێت، بەڵکو مەسەلەکە پێگەی کۆمەڵگەیە کە هیچ لایەنێك خۆی لەو مەسەلەیە نادات و تەنانەت بۆیان بابەت نییە، دیسان دەڵێمەوە کە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کەمتەرخەمن لەوەی کە خۆیان لەکێشەکانی ئافرەتان بەدوور دەگرن و خاوەندارێتی لێ ناکەن.

ئەمەل جەلال محەممەد ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان سەبارەت بە هەمان پرسی ڕاپۆرتەکە سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە لەگەڵ کەیسەکانی تایبەت بە ئافرەتان لەناو چاکسازییەکانی هەرێم داوای سەروەریی یاسا و جێبەجێکردنی یاساکان دەکەن، بەتایبەت ئەو یاسایانەی کە لەپەرمانی کوردستان پەسندکراون، نموونەی یاسای کوشتن بەبیانووی شەرەف کە ئێستا بە خۆشحاڵییەوە لەهەرێم کاری پێدەکرێت، بەڵام لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لیژنەیەك دەستنیشانکرا بە ناوی لیژنەی ئاشتەوایی بەداخەوە ئەو لیژنەیە هەتاکو ئێستا وەکو پێویست نەیتوانیوە کارەکانی خۆی بە باشی بەڕێوەببات، لەسەر ئاستی پارێزگاکان جیاوازی هەیە و لەهەر پارێزگایەك بەجۆرێك کاری پێدەکرێت، ئەگەر ئەو لیژنەیە ئەکتیڤ بکرێت، کێشەی سوڵح و ئاشتەوایی ئەو ئافرەتانەش چارەسەر دەبێت، ئێمە هەمیشە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدەنی هەماهەنگیمان هەیە بۆ بەدواداچوونی ئەو کەیسانە بە مەبەستی پاراستنی ئەو ژنانە لەچوارچێوەی یاسادا، بەڵام لەبەر ئەوەی لیژنەی ئاشتەوایی نەیتوانیوە بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت، باشترین جێگەی پارێزراو بۆ ئەو ئافرەتانە مانەوەیانە لەچاکسازییەکان یان ماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتانە، چونکە بەداخەوە هێشتا لەژێر گوشاری کەسانێك و عەقلیەتێکی نێرینەی دواکەوتووین، بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆری ژنان بە پاساوی شەرەف کوژراون و تائێستا کەیسەکانیان نادیارە و تاوانبارەکانیش دەستگیرنەکراون».

چاودێری ئافرەتان لەچاکسازی ئافرەتان و منداڵان:

**زۆربەی کەیسەکان کێشەی کۆمەڵایەتین و لەدەرەوەی دادگا سوڵح نەکراوە، هەر کەیسێکیش سوڵحی تێدا نەکرابێت، بەپێی یاسا ناتوانین ئازادی بکەین**

ئافرەتێکی گیراو:

**بە هۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی سزای هەتاهەتاییم بۆ دەرچووە**

یاساناسێک:

**بیرۆکەی گشتی و لێبوردنی تایبەت بەجۆرێک لە دەستێوەردان لەکاروباری یاسایی و دادگا هەژمار دەکرێت**